
# ئازادي لةكرداري دوذمن و بيري خؤت هةلَبهمنجة ... خالَة حةمة



(1) لە نیشتمانی ئێمەی کوردا داگیرکاران کارێکیان کردووە زۆربەی زۆری مرۆڤی کورد ڕقی لەیاسا بێت و دژی ڕابوەستێت، بەڕێوەبەرانی یاساش بەئارەزووی ڕەوتی خۆیان یەکەیەکەی کوڕەکانی هەڵبژاردوین و لە ژێر ناوی تاوانێکی هەڵبەستراودا بە مەرگ دادگاییان کردوون!!..

(2) دەستی ڕەش و خەباتی درێژخایەن و دوور کەوتنەوەی سەربەخۆیی ئەو پەندە ناجورانەی پێشینانمان پێ پەیڕەوبکات کەئەڵێ (دەست بەکڵاوەکەی خۆتەوە بگرە بابانەیبا) یاخود (ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە) و خەمی ئەویترمان نەبێت، کەمینەشمان شوێن کڵاوی بابردووی خۆمان بکەوین و سەریش لە پێناویا دابنێین و لە ئاگرە سورەشدا بسوتێین!!.

(3) لەسەدا پێنج کەسمان خاوەن بیرو بڕوا بێت و خۆی بکاتە قوربانی نیشتمان ئەگەر زۆرم نەووتبێت،ئەوانیش بەشی زۆریان سەربازی وونن،خێزانەکانیان دڵشکاوو منداڵەکانیشیان بێ نازو سەرگەردانن و ڕقێکی ئەستوور لە ڕوخساریاندا بەدی ئەکرێت!!.

(4) ڕۆشنبیرانمان لەترسی ئازاردان وزیندانەکانی دوژمن دەرگای بیریان دابخەن و گەمە بە داتاشینی ووشەبکەن و ئەرکی سەرشانیان فەرامۆش و بیخەنە پشتگوێ، شان و باڵی یەکتری داپڵۆسن و چرای کوردایەتیش کز بکەن.. لەڕووی هەڵمەتی نەیارانماندا بێدەنگ و سڕ، زەقەی چاویان بێت، یاخی و سەرکەش و لە خۆبوردووشیان لە پەنجەکانی دەست بڕنەکات!!..

(5) قوتابخانە کارخانەیەك بێت خوێندەوار بەرهەم بهێنیت،کەڕو کوێرو لاڵ! ئەڵقەلەگوێی مووچەیەکی مانگانە!! کرکەوتوو لەسەر کورسییەکی بێ تواناو ژەنگاوی کە ڕێگربێت لەکاری بەکۆمەك و گەیشتن بە ئازادی بیرو بڕوا !!..

() پەنا بردن بۆ بەردەرگای دەستەڵاتدار کەبەسەپان و پاسەوانی خۆشیان مامەڵەیان لەگەڵدا نەکردووین و سەرکزیمان بۆتەهۆی لەدەستدانی ئازادی دەنگ وئازادی ڕەنگ ونیشتمانە پارچە پارچەکراوەکەمان!!..

(7) چاوپۆشین لەهەموو کارێکی دوژمن بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیان و کەمێ دەسەڵات تا بە ئارەزووی دڵی رەش، یاری بەچارەنووس و ڕۆژگاری خەڵکی بندەستی خۆمان بکەین و درێژە بدەین بە باوکسالاریمان تا مەرگ!!..

(8) زۆر بە توندی و دڵڕەقانە دوژمنایەتی یەکتر بکەین و مەرگ ناوبژیکەرمان بێت و تۆڵە کردنەوە لەیەکتری، بۆنەوە لەدوای نەوە جێبهێڵن و خێڵاوخێڵ بەئاگری نەزانین خۆمان داغان بکەین وکێشە سەرەکیەکەمان لە دەست بچێت و خەباتمان درێژخایەن بێت!!..

(9) لەسەر جەستەی خەستەی لاوازو نەخۆشی یەکتری دەست بە سمێڵی چەورا بهێنین و سووکایەتی ببێتە دەردێکی وەك (شیر پەنجە) سەدە لە دوای سەدە قەتماغەی برینەکانی ئەستوورتربێت و چارەسەریشی دوابکەوێت!!..

(10) ئاگری کورد کوژی وبراکوژی هەڵبگیرسێنین و کوردستان ئاگر بدەین بەسەر خۆمانداو نەتوانین بیکوژێنینەوە ماکی ڕەشی ئەوشەڕەناڕەوایە گۆڕبەگۆڕو بنبربکەین کەئاواتی دێرینەی کوردو کۆستکەوتنی دوژمنەکانمانە!!..

(11) سەروو سامانێکی کاتیی لەخشتەمان بەرێت و نەتەوەکەی خۆمان لاسووك بێت و هەموو شێوەکانی بندەستیمان لا ئاسایی بێت و جڵەوی کارەکانیشمان بەدەستی خۆمانەوە نەبێت!!

(12) چاوی برسیمان بەهەموو بەروبومی کوردستان تێر نەبێت، وەك زەروو بەگەردنی یەکدا

بنوسێین و لەبەر بەرژەوەندی تاکەکەسی ووخۆویستیمان زۆر زوو لەخشتەبچین و نۆکەرێکی ئەڵقەلەگوێش بین لە کاتی فەرمانیاندا !!..

(13) بەچەکی چاوشۆڕو فیشەکی داگیراوە نەوەکانی خۆمان ڕاو بکەین و پاسی بەردەرگای دوژمنانیش بکەین، هەمیشە لە زبڵدانی مێژوودا ئەمدیو و ئەودیو بکرێین و نەفرەتی گەل لە وەچەشمان نەبێتەوە !!..

(14) بەنهێنی و لەژێر دێوجامەڕەشەکاندا نیشتمان بفرۆشین و هەلهەلەی سەرکەوتنی درۆ لێبدەین، تاکرداری نابەجێ و شانی خوێناویمان لە میللەت بشارینەوەو سەرخان و ژێرخانیماڵەکەی خۆمان داڕوخێنن !!..

(15) جاشایەتی پیشەیەکی باوبێت و کۆمەڵگا لێیبترسێت و بەکامی دڵی خۆمان جێگۆڕکێی لەسەربکەین، سەگیی لەبەرقاپی دوژمنا هەڵبلەرزین وسەگیش بتۆپین و لە گۆڕیشا نەفرەت بکرێین !!..

(16) ژن بە ژن و ژنهێنانی ناجۆرو بەرەڵلاکردنی ئارەزووە نەوسنەکانی جەستە، سەرتاپای هەستمان داگیربکات و دەستبەرداری خۆشەویستی و سەروەری ژیان بین وتۆوی دووركەوتنەوە و دوودڵی و دڵڕەشی بنێژن لە ڕۆژگاری سبەینێی نەوەکانماندا !!..

(17) سەرکووتکردن و دەمکووت کردن و شکاندنی دەستەکانی خۆمان، ووردکردنی ڕامان و پێ شێلکردنی گفتارو پەرتکردنی کردارمان،پارچەبوونی بیرو داڕوخانی وورەمان بەخەڵات بۆبهێنێ کەلەخانەی بێهۆشیدا شەرابی مەرگی یەکتری پێنۆش بکەین !!.

(18) هەڵبەستنی درۆی شاخدارو ئەفسانەیی، هەراوهوریای دوای ڕوداوو چنینی داو بۆیەکتری لەکەسایەتیمان کەمبکاتەوە و ساڵ بە ساڵ باجەکەشی گرانتر بێت !!..

********** ********* *********

*خوێنەرانی بەڕێز بەلاتانەوە سەیر نەبێت گەر بڵێم لەبری ئەو هەژدە بڕگەیە ئەتوانم هەزاران بڕگەی تریش بنووسم چونکە دیاریدەیەکی زەق و حاشاهەڵنەگرن..

ڕاستییەکانی ناشاررێتەوە، چاوبەستیان لە ئێمەی کورد کردووە خۆشمانیان کردووە بە پاسەوانی..

*بە ئاشکرا کردنی هەڵەو چەوتییەکانی ڕابووردومان دەرگای کلۆمکراوی سبەینێ ئەکەینەوە..

*بە تێکشکانی بیرو بڕوای لەسەر چۆك.. بە شەنکردنی خەرمانی کەڵەکەبووی شۆڕشی چەکداریمان ئەتوانین چۆک بە دوژمنان دابدەین و چارەسەری ئەو ئازارانەش بدۆزینەوە کە دوو توێی برینەکانی، هێشتا دەستی چارەسەری بۆ نە براوە..

*بەپیاچوونەوەی کرداره ناجۆرەکانی دوژمناناو بڕوای نەپساوی خۆماندا ئازادی کوردستان لە ئامێز ئەگرین و سەرلەنوێ مێژووی کورد ئەنوسینەوە..

*بە (ڕامانی پاک) بە (ڕەفتاری پاك) بە (کرداری پاك) یەکدەگرینەوەو ئاڵاکەشمان شان بەشانی ئاڵای دەولەتەکانی دنیا ئەشەکێتەوە.

*بەمێزی گفتوگۆو دیالۆك دەستەکان باوەش ئەکەن بەیەکترداو لە زۆرداری ناوخۆو بێگانەش ڕزگارمان ئەبێت و هۆکارو بەدکاریش لەسەرەنوێلکی مێژودا ژێر پێ ئەخرێن..

---

بە هیوام توانیبێتم تەزووی مەرگ بە دڵی دوژمنان و نەیارانی کوردستانا بهێنم و چرپەیەکیش بە گوێی تۆدا..

خاڵەحەمە/دانمارك/ڤالبی/2004